وەزارەتی دارایی عێراق راگەیەندراوەکی لەسەر پشکی هەرەم و بڕی ئەو پارەیە بەاوکردنەوە کە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا بە هەرەمی ناردووە



درێنگانەکی شەوی رابردوو وەزارەتی دارایی عێراق راگەیەندراوەکی لەسەر پشکی هەرەم و بڕی ئەو پارەیە بەاوکردنەوە کە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا بە هەرەمی ناردووە و جێختی کردووەتەوە مووچەی هەر ١٢ مانگەکەی ئەو ساڵەی بەبێ کەم وکورتی بە هەرەم ناردووە.

ئەمڕۆ شەممە ١٨ـی کانونی دووەمی ٢٠٢٥، وەزارەتی دارایی عێراق وتیشی، هەرچەندە بڕەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دڵبوو تەوتینی مووچەخۆرانی هەرەم لە بانکەکانی حکومەتی عێراقدا بکرایە، بەڵام تائێستا هەرەم هاوکاری نەکردوون و نەتوانراوە تەوتینی مووچە بکرێت.

دەشڵێت، حکومەتی هەرەم ناوی دووبارە و لیستی نادروستی بە ناردوون و لە لیستی مووچەی مانگەکانی ١٠ و ١١ و ١٢شدا ناوی دووبارە هەبووە.

هاوکات دەشڵێت، هەرەم پابەندی گەڕانەوەی داهاتی ناوخۆ نەبووە و داهاتی ناوخۆی ساڵی ٢٠٢٤ـی زیاتر بووە لە چوار ترلیۆن دینار، بەڵام تەنها ٣٩٩ ملیار دیناری گەڕاندووەتەوە.